بە مەلیک فەیسەڵی دووەمیش دەڵێت:

يا أيها الملك الأغر تحية

من شاعر باللطف منك مؤيد

أنا غرسكم أعلى أبوك محلتي

نبلا، وشرف فضل جدك مقعدي

**بەعس و جەواهیری**

یەکێک لە کێشە گەورەکانی حزبی بەعس ئەوە بوو، بەشێکی زۆری ئەدیبان، نووسەران، شاعیران، گرانیبەژان، تابلۆکێش و هونەرمەندانی، لەگەڵ حزبی شیوعیدا بوون، تاک و تەرا، شاعیرێک یان نووسەرێک لەگەڵ بەعسییەکان بوو، ئەمەش خۆش و داخێکی گەورە بوو بە سەرانی ئەم حزبە. لە شەستەکانیشەوە جەواهیری یەکێک بوو لە شاعیرە ناودارەکانی عیراق، لە زەربەی بەنەکانیشدا دژی بەعس شیعری دەنووسی. ئەمەش وایکرد کە ببێتە دوژمنی سەرکیان، هەرچەندە دواتر لە سایەی کودەتای ساڵی 1968 دووبارە لەسەر داوای حکومەتی بەعسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و مانگانەش 150 دیناری وەکو خانەنشینی بۆ دەبڕنەوە، کە لەوکاتەدا بۆ پارەیەکی زۆر بووە، هەروەها کەمێک لە دوژمنایەتیی بەعسییەکان کەوت، بۆ ئەوەش کاتی بوو.

**جەواهیری و سەدام**

هیچ حاکمێکی عەرەبی هەندەی سەدام شاعیرەکانی نەچەوساندۆتەوە، لەهەمانکاتیشدا هیچکامیان هەندەی ئەو شیعری بۆ نەنووسراوە. سەدام حاکمێکی دیکتاتۆر بوو لەهەمانکاتیشدا خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆریش بوو، وەکو هەموو حاکمێکیش حەزی بۆ هەبوو کە شاعیران شیعری ستایشی بۆ بنووسن، لەمشدا کەمێک شاعیری عەرەبی نانیان کوتە رەنەوە، بۆیە سەدام شانسی لەگەڵ شاعیرە عیراقییەکان زۆر کەم بوو، چونکە زۆربەیان دژی بوون. لەپاش گیانەوەی جەواهیری، سەدام کەمێک دەستایەتی لەگەڵ پەیدا کرد، لەماوەی پێشووشدا کەمێک قیدیە و فەتە باوبوونەوە، کە سەدام لە کشکەکەی خۆی پێشوازی لە جەواهیری کردووە، بۆیە ئەم دەستایەتییە بردەوام نەبوو، ناچار جەواهیری ساڵی 1980 عیراق بجێدەهێڵێت و دەچێتە وەاتی دوژمنە سەرسەختەکەی سەدام کە ئەویش حافیز ئەسەدە، هەتا کۆتایی ژیانی لە دیمەشق دەمێنێتەوە. ساڵی 1994 دووبارە ناسنامەی عیراقی لە جەواهیری دەستێنرێتەوە چونکە بڕیاری لە میهرجانی جادریە لە سعودیە کرد، ئەمەش بە پێی بڕچوونی سەدام خیانەت بووە لە نیشتمان، چونکە سعودیە دوژمنی عیراق بووە، جەواهیریش لەداخی ئەم هەڵوێستەی سەدام، شیعرێکی داشرین لە دژی دەنووسێت، تێنانێت

قسی ناشایستەش بۆ دایکی و بنەچەی سەدام دەکات.

**جۆاهیریی سەرۆک و پادشاکانی عەرەب**

بەشێک لە رەخنەگرانی جۆاهیری، بە شاعیری پادشا و سەرۆککانی عەرەبی دادەنێن، ئەوەش لەبەرئەوەی شیعری زۆری بۆ پیاداهەدان و ستایشی حاکمە دیکتاتۆرەکانی عەرەب وتوە. جۆاهیری شیعری ستایشی بۆ مەلیک حوسێنی ئوردون، مەلیک حەسەنی دووەمی مەغریب، حافیز ئەسەد، وتوە. پارادۆکس لەوەدایە جۆاهیری خۆی بەشاعیرێکی شۆشگێڕ دادەنا و بۆیە عیراقی بەجێهێشت لەبەرئەوە شیعری ستایش بۆ سەدام نەگوت و خۆی بەنیاری رژێمی دیکتاتۆری دادەنا، کەچی شیعری بۆ مەلیک حوسێن دەوت، کە خۆی و مەملەکەتەکەی، بۆ خێرو سەدەقەی سەدام دەژیا.
بەدنیاییەوە ژیانی ئەدەبی جۆاهیری پێیەتی لەلەکدژیی و ئاڵۆزی، بەتام لەگەڵ ئەوەشدا گەر سەیری شیعرەکانی تری بکەین، جوانیی و بەهرەمەندی و داهێنانی گەورە لە شیعرەکانیدا دەبینینەوە.

هەر لەعیراق دەمێنینەوە، بەناوی ئەمجارەیان باسی ژیانی ژنە شاعیرێک دەکەین، کە ئەویش سەرەتا زەر عاشقی سەدام دەبێت، بەتام دوایی دژی دەوستێتەوە ئەویش ژنە شاعیری کوێتی سوعاد ئال سەباحە.

**ژنە شاعیرێک عاشقی دیکتاتۆرێک دەبێت**



ڤرئیس صدام والشاعرة الکویتیة سعاد الصباح

وەکو پێشتر وتم کاتێک سەدام بووە حاکمی عیراق، زەر شاعیری عەرەبی کەوتنە ستایش و پیاهەدانی، بەتایبەتی لە میهرەجانی شیعری « المربد» دا، زەر شاعیری عەرەبیمان دەبینی کە ستایشی سەدامیان دەکرد. یەکێکیش لەو شاعیرانە، ژنە شاعیرەی کوێتی سوعاد سەباح بوو. ئەم ژنە کە دەهات بۆ عیراق هەموو دەزگا میدیاکانی عیراق

گرنگیان پەدا و شیعرکانیان بەاودەکردەوە.
سوعاد سەباح لە ساڵی 1942 لە کوت لەدایک بووە، جگە لەوەی شاعیرێکی ناسراو بوو، ئەکادیمیەکی ناسراوی کوتیش بوو ، ساڵی 1981 بەوانامەی دکترا لە زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی لەندەن دەهێنێت. سەر بە بنەماڵەی سەباح کە سەدان ساڵە حوکمی کوت دەکەن. ژنی شێخ محەمەد موبارک سەباح بوو، کە جێگری حاکمی کوت بوو، ئەم ژنە شاعیرە پەیوستی بە پارتو پوولیش نەبوو، بەڵام میرنشینەکەی پەیوستیان بە سەدام بوو.
لەوکاتەشدا سەدام خەی بە پارێزەری هەموو عەرەب دەزانی بەتایبەتی دوو تانی کێنداوی فارس، جەنگی لەجیاتی هەمووان لە دژی ئێران دەکرد. هیچ دوو تێکی عەرەبی هەندەی کوت پشتگیری رژێمی سەدامی نەکرد، ئەوان چ لە رووی ئابووری، سیاسی، تەنانەت فەرهەنگیشەوە، زەر پشتگیری سەدامیان دەکرد. زەربەی گرانیبژان، شاعیر، نووسەر، رۆژنامەنووسانی کوتی، هەمووێان بە شان و باڵی سەدام و رژێمەکەیان هەڵدەدا.

ساڵی 1985 سوعاد سەباح شیعرێکی بەناوی « حب الی سیف عراقي ، خشوێستی بە شمشێرێکی عیراقی « نووسی، لەمەشدا زیاتر مەبەستی سەدام بوو کە بە شمشێری عەرەب وەسف دەکرا.

لە شیعرەکێیدا دەڵێت:

انا إمرأة قررت أن تحب العراق

وأن تتزوج منه أمام عيون القبيلة
فمنذ الطفولة كنت أكحل عيني بليل العراق

وكنت أحني يدي بطين العراق

وأترك شعري طويلا ليشبه نخل العراق
لەوکاتەدا قسەی زەر لە بارەی پەیوندی ئەم ژنە شاعیرە بەسەدامەوە دەکرا، چونکە چەندینجار سەدام بە تەنها بینیووێتی، ئەوێش هەرچەندە ژنەکی ئەکادیمیی و مەردەکشی میرەکی کوتی بوو، بەڵام خشوێستی خەی بە سەدام نە دەشاردەوە. ئینجا نازانم ئەمە بە ئاگاداری مەردەکەی بوو یان نا؟!.

پەشیمان بوونەوە
بەڵام کاتێک سەدام لووڵەی تەپکانی ئاستەی کوت کرد و داگیریکرد، ئینجا پەنچەی پەشیمانی گەست و لە رادیەی لەندەنەوە،

دڵگریا و تووشی شک بوو کاتێک سەدام کوتی داگیرکرد. ئەمان هەموویان لە ئاست تاوانکانی سەدام کەو کاس بوون، هەتا سەدام چوو گیانیان.

لە شیعرەکیدا باسی ئەم شک و پەشیمانییەی دەکات و دەڵێت:

أيها الجار الذي هدم داري

وأنا عمرت في قلبي له ركنا ودارا

إنني مكسورة، مقهورة، ذاهلة

تقذف الخيبة أحلامي يمينا ويسارا.

دواتر ئەو شیعرەی لە دیوانەکەی سەیوە کە پێشتر بە سەدامی وتوە، بەناو دەردی مەسلە عەرەبییەکە دەڵێت « دوای وێران بوونی بەسرە»

عیراق و رێژهەڵات بەجێدەهێین و دەچین بۆ ئەوروپا و سەردانی ساڵانەکانی سەدی حەقدە و هەژدەی میرو نەجیبزادەکانی فەرەنسا دەکەین، لەرەش شاعیران حکایەتی بەڵەزەتیان هەیە.

**ساڵانە ئەدەبییەکانی فەرەنسا**



هەروەک چۆن خۆ و میرو پادشاکانی عەرەب شاعیری تایبەت بەخۆیان هەبوو، لە فەرەنساش بەهەمانشێوە بوو، بەتایبەتی لەسەدەکانی شانزە و حەقدە و هەژدەدا دیاردەیەکی سەیر سەرهەڵدەدات ئەویش ساڵانە ئەدەبییەکانە. ئەم ساڵانانە لەناو مەزووی ئەدەبیاتی فەرەنسیدا، پانتایی گەورە داگیر دەکەن. لەم سەدانەدا، میرو نەجیبزادەکان، کەشکەکانیان بە رووی شاعیران، شانۆکاران، تابلۆکێش و موزیکژەنەکان دەکردەوە. هەر میرەو کەمێک شاعیرو نووسەر و هونەرمەندی تایبەتی بەخۆی هەبوو. لەماوەی پێشوودا چاوم بە وتارێکی نووسەری مەزنی فەرەنسی ئیمیل زۆلا کەوت، ئەو خۆی دژی

ئەدەبی سانسۆرکان بوون، چونکە پێی وایە کە ئەدەب نابێت تەنها بە چینێک قسە بکرێت، بەڵکە دەبێت بۆ هەموو گەل بێت.

زۆلا دەڵێت:

سانسۆرکانی نەجیبزادەکان، ئەوان بۆیان هەبوو رۆحی ئەدەبی دیاری بکەن و ئەدەبی باش و خراپ دابنێن و هەر ئەوانیش بۆیان هەبوو، بۆیاری یەکلاکەرەوە لە بارەی ئەدەبەوە بدەن.

دواتریش دەڵێت:

نەجیبزادەکان حەزیان دەکرد، هەروەک چۆن خاوەنی چێشتلێنەر و کارگوزاری تایبەت بوون، ئاواش خاوەنی شاعیری تایبەت بۆ خۆیان بن، لەوکاتەدا ئامانە بووبون بۆ خاوەنی ئەدەب.
دواتریش زۆلا لەو وتارێدا تیشکی خستۆتە سەر پێیوەندی نێوان کەمەڵک شاعیر و ئەدیبی گەورەی فەرەنسا لەگەڵ ستەمکارترین حاکمی فەرەنسا کە ئاویش لویسی چواردە بوو. ئەم پیاوەش پێیوەندی سێیری بە ئەدیب و شاعیرانەوە هەبووە.

**لویسی چواردەو شاعیرانی فەرەنسا**

لویسی چواردە یەکێکە لە پادشا ناسراوەکانی فەرەنسا، لە هەمانکاتیشدا ئەم پادشایە، گوزارشت لە حوکمێکی ڕەها و دیکتاتۆری دەکات، هەربۆیە زۆرجار لویسی چواردە وەکو سیمبەڵێک بە «ئێبسلوتیزم» دادەنرێت و خاوەنی وتەیەکی ناسراوە:

**من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منم**

بەڵام لەپەنا ئەمشدا فەرەنسا لەسایەی لویسی چواردا لە ڕووی فەرهەنگییەوە، گەشەیەکی گەورەی بەخۆوە بینیووە. ئاوەی جێگەی سەرنجە ئەم حاکمە زۆر باشبووە لەگەڵ شاعیران و سەخی تەبیعەتانە پارەی پێ بەخشیووون و مووچەی تایبەتی بە گەلێک شاعیری ناسراوی فەرەنسی بیوەتاوە، بە نموونە لەو سەردەمدا بەناوبانگترین شاعیری فەرەنسا کورنی بووە، کە شاعیرێکی شانیەیش بووەو بە یەکێک لە کەسکەکانی شیعری فەرەنسی دادەنرێت. ساڵانە 2 هەزار فرانکی هەبووە، «دیماریە» ی شاعیر و درامانووسی بەناوبانگیش 1200 فرانک، «مۆلێر» شاعیرو شانووس 1000 . هەروەها «ژان راسین» کە ئاویش یەکێکە لە شانووسە مەزنەکانی فەرەنسا، ئەمیش ساڵانە 800 فرانکی لە کەشکی پادشایەتی بە براوەتە.

ئەمش لە کاتکدا ئەم ئەدیب و شاعیرانە رۆی بەرچاو و گۆرەیان هەبووە لە بواری ئەدەبیات و فەرهەنگی فەرەنسیدا، لە کاتکدا پێوەندییان لەگەڵ دیکتاتۆرترین حاکمی فەرەنسا هەبووە. جگەلەوەش لە کاتکدا کە ئەمانە بە لەشا و پارێسان لە کۆشکی شاهانە وەرگرتووە، زۆرینەی خەڵکی فەرەنسا لەوپەڕی هەژاریی و نەداریدا ژیاون.
فەرەنسا بەجێدەهێڵین بەڵام هەر لە ئەورووپا دەمێنینەوە بەرەو وڵاتە ساردەکەی روسیا دەڕۆین، لەرێش شاعیرێک حکایەتکی سەیری لەگەڵ کۆشکی دەسەڵاتدا هەیە.

**شاعیرەکەی شەڕشی روسیا**



کاتێک سەیری مێژووی ئەدەبیاتی روسیا دەکەین، کەمەڵک شاعیری مەزن دەبینین، یەکێکیش لەو شاعیرانە فلادیمیر مایکۆفسکییە کە نازناوی « شاعیری شەڕش» یان لێنابوو. ئەم شاعیرەش خاوەنی حکایەتکی ئەجگار سەیرو سەمەرەیە لەگەڵ دەسەڵاتداران، سەرەتا زۆر بە جۆش و خرۆشەوە تێکۆشی شەڕشگێڕی دەبەست و تەواوی هێز و تواناکانی بە خزمەتکردنی شەڕشگێڕ تەرخان دەکات، لە پاش چەند ساڵێک بەزار دەبەست و دواجاریش کەتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

**ئەدیبێکی بێگانە لە مۆسکۆ**

مایکۆفسکی لە مانگی تەموزی 1893 لە شارۆچکەی « بەغدادی» لەدایک بووە و لە 14 ئەپریلی 1930 خۆی کوشتووە. ئەوەی جێگەی سەرنجم بوو ناوی شارۆچکەکەیان بوو» بەغدادی»، نازانم لە کوێوە هاتووە، هەرچەندە پاشان دەسەڵاتدرانی سۆڤێتی ناوەکەی دەگۆڕن و دەیکەن

بەناوی « مایکۆفسکی» یەوە.
باوکی « ڕەسمن» تەتەری بووەو دایکیشی خەڵکی « ئۆکرانیا» بووە. واتە مایکۆفسکی لە بنەماڵەیەکی فرە کولتووریی و نەتەوەیی لەدایک بووە ئەمەش جۆرە هەستکی کۆسمۆپۆلیتیکی لادروست کردووە. پاشان لە قوتابخانە فڕی زمانی جۆرجی و روسی دەبێت.
ساڵی 1906 لەپاش کۆچی دوایی باوکی لەگەڵ دایکی و دوو خوشکەکەی ناچار جۆرجیا بەجێدەهێڵن و دێنە مۆسکۆ. بەهۆی هەژاری بنەماڵەکەشیانەوە، ساڵی 1908 واز لە خوێندن دەهێنێت، بەڵام پاشان ساڵی 1911 پەیوەندی دەکات بە کۆلیژی هونەرجوانەکان لە مۆسکۆ و لەرێشەوە تێکۆشەری ژیانی سیاسی و ئەدەبی مۆسکۆ دەبێت.
مایکۆفسکی هەژارییەو بەدرامەتیی کاریگەری گەورەی تێکردووە، بەتایبەتی پاشئاوەی باوکی دەمرێت، تەمەنی 13 ساڵان دەبێت، ڕووشی ژیانیان تەواو ناخۆش دەبێت. پاشان لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو ساتانە دەکات و دەڵێت: لەپاش مردنی باوکم تەنها 10 ڕوبڵی خانەنشینی ئومان هەبوو ئەمەش زۆر کەم بوو، ئەمە ناچاربووین بڕۆ مۆسکۆ بەین، لەوێش ئەوپەڕی هەژاریی و برسێتی و نەدرایمان بینی.
بەڵام لەهەمانکاتیشدا ژیانی روسیا و مۆسکۆ، ماگنەتی گەورەی هەبووە، کەمێک ناخۆشی لەبیربردەتەوە، وەکو دواتریش لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: روسیا ماگنەتکی گەورەی هەبوو، هەمیشە بڕۆ لای خۆی رایدەکێشام.
پاشان تێکۆشەری ژیانی سیاسی دەبێت و پەیوەندی بە پارتی بەلشەفییەوە دەکات. ساڵی 1908 بە یەکەمجار لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت، چونکە لە چاپخانەی نهێنی بەلشەفییەکان کاری دەکرد، بەڵام بەهۆی کەمی تەمەنیەوە، ئازادی دەکەن. پاش شەش مانگی تر، لەهەمان ساڵدا دووبارە دەستگیر دەکرێت، ئەوش بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانی بەلشەفییەکان، دیسانەوە بەهۆی کەمی تەمەنیەوە، ڕەحمی پێدەکەن و تەنها چل ڕۆژ زیندانی دەکرێت. بەڵام ساڵی 1909 کاتێک هەوڵی ئازادکردنی 13 زیندانی گرتووخانەی نوقنسکا، نزیکەی ساڵێک دەستگیر دەکرێت.
مایکۆفسکی هەر لەتەمەنی منداڵییەوە بەهرەی شیعری تێدا لەدایک دەبێت، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا یەکەمین شیعری خۆی بەناوی « هەورێک لە شڕواڵ» دا بڵاو دەکاتەوە. پاشانیش کەمێک شیعری تر دەنووسێت، کە تێیدا دژایەتیکردنی سەرمایەدار و زوڵم و زۆری چینایەتی، دەبێتە ناونیشانی سەرکی. هەر لەیەکەم شیعریەوە هەست بەمە دەکرێت و داوای ڕووخانی چوار شت دەکات:

بروخت خۆشویستیتان، بروخت هونەرەکەتان، بروخت رژەمەکەتان، بروخت ئاینەکەتان.

لە پاش سەرهەڵدانی شۆڕش، مایەکۆفسکی پەیوەندییەکی زۆر قوڕی لەگەڵ شۆڕش و شۆڕشگێران دەبەست و هەموو توانا شیعرییەکانیشی بە خزمەتی شۆڕشەکە بەکاردەهێنەت، هەرئەمەش وادەکات کە نازناوی شاعیری شۆڕشی لەبەنەن.


**شاعیری شۆڕش**

مایەکۆفسکی پەیوەندییەکی زۆر پتەویی لەگەڵ سەرانی نوێی شۆڕشەکە هەبوو بەتایبەتی لەگەڵ لینین رابەری یەکەمی شۆڕشەکە. هەرچەندە مایەکۆفسکی کەسێکی هەست ناسک بوو، داوای خۆشویستی بە ژیان دەکرد، بەڵام لە کاتی جەنگی ناوخۆدا، بە شیعرەکانی پشتگیری جەنگی ناوخۆی دەکرد. لە رووی ژیانی تایبەتیشەوە، مایەکۆفسکی پەیوەندییەکی لەگەڵ کەمێک ژن هەبووە. بەڵام لەکۆتاییدا شاعیری شۆڕش تووشی بە ئومێدی دەبەت بەرامبەر بە شۆڕشەکە و دەسەڵات، لەرووی ژیانی تایبەتیشەوە رووبەروی کەمێک تەنگژەی ئاڤیندارێ دەبەتەوە. هەرئەمەش وادەکات کە لە کۆتاییدا بەیارمەتی ترسناک بدات و کۆتایی بەژیانی بهێنەت.
هەرچەندە هەتاوەکو ئەمڕۆش قسەوباسەکی زۆر لەبەرامبەر هەکاری خەکوشتنەکەی هەیە، هەندەک پێیان وایە کە لە پاش ئاوەی دەسەڵاتدارانی سۆڤەتی پشتگوێیان خست، مایەکۆفسکی هەستی بە بە ئومێدی لە شۆڕشەکە کردووە بەتایبەتی کاتێک ستالین دەتە سەرکار. هەندەکی تریش دەیگێڕنەوە بە شێوازی مایەکۆفسکی، کە لەگەڵ کەمێک ژن و پەیوەندی سێزداری هەبوو، لەکۆتاییدا هەستی بە شکست کردووە.
جگەلەوەش قسەوباسەکی زۆر لەبارەی ئاوەوە دەکرێت، ئایا ئاوە دەسەڵاتی سۆڤەتی بوو زوەمی لەم شاعیرە گەنجە کردووە یان شاعیرە گەنجەکە خۆی زوەمی لە خۆی کرد و هەموو هێز و توانای خستە ناو گیرفانی شۆڕشەوە.
حیکایەتی مایەکۆفسکی یەکێکە لە حیکایەتی ئاو شاعیرانەی کە خەیان بە دەسەڵاتکاوە هەڵدەواسن، دواتریش زوو هەست دەکەن کە زوەمیان لە خەیان و توانا ئەدەبییەکانیان کردووە، زۆرکەسیش رەخنە لە مایەکۆفسکی دەگرن، کە لە سەرەتادا بەهەموو شێوەیەک پشتگیری لە دەسەڵات کردووە، لەکاتێکدا ئاو دەسەڵاتە سەدان نووسەر و ئەدیبی زیندانی کردووە یان لە وڵات دەریکردوون، مایەکۆفسکیش نێک هاوەستی نەبووە، بگرە داکۆکیشی لاو دەسەڵاتە کردووە، بەڵام پاشان کاتێک

کە دەستات وەکو جاران گرنگی پێنادات، ئینجا مایکۆفسکی هەست دەکات کە هەڵەی کردووە.

حیکایەتی مایکۆفسکی پێچەوانەی بەشکی تری شاعیرانی شۆڕشگێر بووە، چونکە دژی دەستاتی سیاسی بوون، بە نموونە شاعیری ئیسپانی لۆرکا، کە دوایی بە دەستی دەستاتی سەربازی ئیسپانیی دەکوژرێت.

**شاعیر و هونەرمەندە مەزنەکەی ئیسپانیا**



فیدریکا گارسیا لۆرکا لە یەک کاتدا شاعیر و شانووس و وێنەکێش و موزیکژەنێکی بەتوانا بوو بەتایبەتی لە پیانۆدا ئوستاز بوو. لە 5 تەموزی 1898 لە گوندێکی هەرەمی غەرناتەی ئیسپانیا لەدایک بووەو لە 19 ئابی 1936 لەلایەن دەستەلاتی سەربازی فاشیستی فرانکۆوە گوللەباران دەکرێت.
لۆرکا یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەشکی زۆری کارەکانی گوزارشت لە جوانیی، مرۆڤ دۆستی، ئاشتی دۆکات، لەهەمانکاتیشدا دژی زوڵم و زۆرداری بووە. بەشکی زۆری کارەکانی کراوە بە عەرەبی و کوردی، کەمێک بەرهەمی جوانی هەیە لە پێش هەمووانەوە شانۆگەریی « زماوەندی خوێنین» و دیوانی شیعری «گۆرانییە قەرەجییەکان» بەتایبەتی زماوەندی خوێنین، کاتێک کە خوێنمەوە زۆر کاری تێکردم، وام هەست دەکرد کە باسی کوردستان دەکات، لەرووی ناوەڕۆکی حکایەتەکەوە، لە کەمەڵگای کوردی دەچێت.
حکایەتی لۆرکا زۆر جیاوازە لە حکایەتی مایکۆفسکی، ئەو کەسێکی هونەرمەند بووە، لە زۆر بواری هونەریی و ئەدەبیدا بەتوانا بووە، ئەو لەیەک کاتدا کەمێک شیعر و شانۆگەری جوانی نووسیوە، هەروەها ژێنیارێکی زۆرباشی پیانۆش بووە و کەمێک پارچە موزیکی جوانی ژێنیوە، هەروەها کەمێک تابلۆی جوانیشی کێشاوە. ئەمەش لە کەم کەسدا دەردەکەوێت، بەڵام بەداخەوە ئەم هونەرمەندە مەزنە، شانسی لەگەڵ دەستات نابێت.

**منداڵەکی شەرمن و نەخۆش**

سەرەتا لەرکا نەیدەتوانی بە باشی قسە بکات و بجوڵێت، هەتاوەکو تەمەنی چوار ساڵی، بەمشێوەیە مایەوە، پاشان تەندروستی باشبووە. باوکی جووتیارێکی دەوڵەمەندبووەو خاوەنی زەیوزارێکی زەر بووە، دایکیشی ژنێکی خوێندەوار بووە لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادە بووە.
هەر لە منداڵییەوە بەهەی ئەوەی تەکڵەی منداڵان نەبووە، خەیاڵ و بیرکردنەوەی زاڵبووە بەسەریدا، حەزیشی بە شانۆ هەبووە. پاشان دەست دەکات بە شانۆ و وتارنووسین، یەکەمجار لە ساڵی 1918 کتێبێکی بەناونیشانی « سەرنج و دیمەن» بڵاودەکاتەوە. ئەمەش زیاتر وەکو سەفەرنامەیەک وابوو، کە لە ماوەی پێشوودا لە نەوان غەرناتە و مەدریدا کردوویەتی. پاشان ساڵی 1920 یەکەم شانۆگەری خۆی بڵاو دەکاتەوە بەناوی سەرکەوتوو نابێت، ئەمەش کەمێک تووشی بێئومدی دەکات، بەڵام بەپێچەوانەی شانۆ، لە بواری شیعردا پێشدەکەوێت بەتایبەتی کاتێک دیوانە شیعریە بەناوبانگەکەی « گۆرانییە قژرەجێکان» بڵاودەکاتەوە، لە تەوای ئیسپانیادا ناوبانگ پەیدا دەکات. پاشان دووبارە دەگەڕێتەوە بە شانۆ و کەمێک شانۆگەری زەر سەرکەوتوو دەنووسێت لە پێش هەمووشیانەوە› زەماوەندی خوێنین» هەندەی تر بەناوبانگ دەبێت.

لەرکا نوێنەری ئەدیبە نوخوازەکانی ئیسپانیا بووە لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کەسێکی نوخواز، ئازاد ، مرۆڤ دۆست بووە، ئەمەش لەکاتێکدا ڕەوشێکی نامرۆڤیی و جەنگ و شۆڕ بەسەر وڵاتدا زاڵبووە. کەمێک هاوڕێی نووسەر و وێنەکێشی بەتوانای هەبوو کە پاشتر ناوبانگیان لەجیهاندا پەیداکردو بوونە نوێنەری نوخوازی هونەری و ئەدەبی بوون لە جیهاندا بەتایبەتی سیلڤادەر دالی، پابلۆ نیرۆدا.
لەوکاتەدا جەنگێکی خوێناوی لە نەوان کەماریخوازەکان و کودەتاچییە فاشیستەکان بەسەرکایەتی فرانکۆ ڕووددات، لەرکاش لەناو خەڵکیدا بە کەسێکی چەپ لەقەڵەمدراوە، هەرئەمەش وادەکات کە ببێتە دوژمنی دەسەڵاتی سەربازی فرانکۆ و پاش ئەوەی دەستگیر دەکرێت، لە 19 ئابی 1936 گوللەباران دەکرێت.

**گوللەبارانکردنی**
هەتاوەکو ئێستاش لە تەواوی جیهاندا قسەوباسی زەر لەبارەی کوژارن و گوللەبارانکردنی لەرکا دەکرێت. هەندێک دەڵێن بەهەی هەڵوێستی سیاسییەوە بووە،هەندێکیش دەڵێن بەهەی ئەوەبووە کە کەسێکی هەمەڕەگەزباز» بووە، ڕژێمی فرانکۆش وەکو نازیەکان وایان لە هاوڕەگەزبازەکان بووە.

هەروەها گوللەبارانکردنیشی خەی لەخەیدا حکایەتکی زەر مەزن و جوانە، لەو ساتەی کە دوو سەربازی رژەمی سەربازی دەست بە پەلەپیتکەی چەکەکایندا دەنەت بەئەوەی لەرکا گوللەباران بکەن، ئەو دەستدەکات بە شیعرخوەندنەوەو کەمەک بەیتی شیعری زەر جوان دەەت، کەهەتاوەکو ئەستاش لەناو ئەدەبیاتی جیهاندا بەناوبانگە و زیندووە. بەەام ئەوەی مایەی ناخشیە، جەستەی لەرکا فەدەدرەت و کەسیش نازانەت لە کوەیە.

جەگەی ئاماژەیە لەرکا پەشتر پەشبینی ئەم چارەنووسە ناخشەی خەی کردووە ئەمەش لە پارچە شیعرەکدا دەەت:

من زانیم کوژراوم

لە قاوەخانە و گەەستان و کەەساکان

بەدوای لاشەکەمدا دەگەەان

بەرمیل و گەنجینەکان هەەدرانەوە

سە لاشەیان دزی

ددانە ئاەتوونەکانیان دزین

بەەام هیچ کاتەک منتان نەدەزیەوە.

بەدەنیایەوە لەرکا پەیوەندیەکی زەر خراپی لەگەە دەسەات هەبوو، هەرئەمەش بووە هەی ئەوەی ببەتە قوربانی یەکەک لە رژەمە دیکتاتەر و خوەناویەکانی سەدەی بیستەم کە ئەویش رژەمی فرانکەی فاشیست بوو.
حکایەتی لەرکاش لەگەە دەسەاتی سیاسی، جیاواز نەبوو لەگەە حکایەتی شاعیرەکی تری هاوەەی کە ئەویش بابلە نیرەدا، شاعیری شیلیی بوو.

**شاعیرەک لە ئەمریکای لاتینەوە**



یەکیک لە هاوڕێ نزیکەکانی لەرکا، بابلۆ نیرۆدا شاعیری شیلی بوو، پەیوەندی ئەم دوانە زۆر پتەو بوو، بەداخەوە لەرووی چارەنووسیشەوە وەکو یەک بوون. بابلۆ نیرۆدا شاعیر و ئەدیب و دیبلۆماتکارێکی بەتوانا بوو. ساڵی 1904 لە دایک بووە و ساڵی 1973 کۆچی دواییکردووە، هەندێکیش دەڵێن لەلایەن حکومەتی دیکتاتۆری پینۆشۆوە، دەرمانخوارد کراوە و کوژراوە. ساڵی 1971 خەڵاتی نۆبڵ بە ئاداب وەردەگرێت.
نیرۆدا نێک لە شیلی بگرە لە تەواوی جیهاندا ناوبانگێکی گەورەی هەبوو، لەمبارەیەوە ڕۆخنەگر و بیرمەندی ناسراوی ئەمریکی هارڵد بلوم دەڵێت: بەهیچ شێوەیەک ناتوانین بەرواردی شاعیرێکی ڕۆژئاوایی لەگەڵ نیرۆدا دا بکەین. نووسەری ناسراوی کەڵەمبیی و جیهانی گابرێل مارکیز کە هاوڕێیەکی نزیکی نیرۆدا بوو، لەبارەیەوە دەڵێت: بابلۆ نیرۆدا باشترین شاعیری سەدەی بیستەم بووە

دیارە نیرۆداش خاوەنی حکایەتێکی زۆرە لە بارەی سیاسەت و شۆڕش و دەسەڵاتەوە، لەجیهانیشدا چ شیعرەکانی چ کتێبی بیرەوەرییەکانی، مایەی سەرنجی جیهان بووە لە کوردوستانیش شاعیری کۆچکردوو شەرکە بکەس، زۆر هەگری شیعر و کتێبی بیرەوەرییەکانی بوو، تەنانەت لە دیدارێکیدا دەڵێت: دەمەوێت بیرەوەرییەکانم وەکو ئەوانەی نیرۆدا بنووسمەوە.
ساڵی 1920 لە قوتابخانە «گابریلا میستراڵ» دەناسێت، ئەم ژنە نووسەر و ئەدیب و دیپلۆماتکارێکی ناسراوی شیلییە و ساڵی1945 خەڵاتی نۆبڵ بە ئاداب وەردەگرێت. ئەم ژنە دەرگایەکی گەورەی ژیان و ئەدەب و سیاسەت بە نیرۆدا دەکاتەوە و کاریگەری گەورەی بەسەرەوە دەبێت.
نیرۆدا ساڵی 1919 یەکەم قەسیدەی خۆی دەنووسێت و ساڵی 1921 یش دیوانی شیعری « بیست شیعری خۆشەویستی» بڵاودەکاتەوە، ئیتر لەوە ئەم نووسەرە نێک لە شیلی بگرە لە تەواوی ئەمریکای لاتین دەناسرێت.

پاش تەواوکردنی بەشی زمانی فەرەنسی لە زانکۆی سانتیاگۆ، ئەم زمانەش هەندێ تر دەرگای تر بە رووی ئەم نووسەرەوە دەکاتەوە.

**نیرۆدا و سیاسەت**

نیرۆدا لە سەردەمی خوێندکاریەوە لە زانکۆی سانتیاگۆ، پەیوەندی لەگەڵ گرووپ و کۆمەڵایەتییە چەپەکان دەبێت، پاشانیش تێکەڵی ژیانی سیاسیی و ئیداری وەاتێکی دەبێت و لە ساڵی 1927 ەوە دەچێتە بواری دیپلۆماتیی و لە کونسوڵگەریی و باڵیۆزخانەکانی وەاتێکی کار دەکات، لەرێشەوە جیهانبینی زیاتر دەبێت و سەردانی وەاتانی ئاسیا و ئەورووپا و ئەمریکای لاتین دەکات و خێڵکی نوێ دەناسێت.
لە ساڵی 1933 لە ئیسپانیا لەرکا و گرووپی ئەدیب و هونەرمەندانی نوێخوازی دەناسێت و لەگەڵ لەرکا پەیوەندییەکی ئەجگار بەتینی دەبێت. نیرۆدا لەکاتی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا، پشتگیری کۆماریيەکان دەکات و دژی حوکمی فرانکۆ دەوستێتەوە.

**نیرۆدا و کێشکی دەسەڵات**

ئەوەی جێگەی سەرنجی منە هەڵوێستی سیاسیی ئەم شاعیرە مەزنەیە بەرامبەر بە دەسەڵات. لەکاتێکدا ئەو لە دژی رژێمی دیکتاتۆری و فاشیستی خۆباتی دەکرد، لەهەمانکاتیشدا لەبەر هەڵوێستی شۆشگێرانەی چەندیجار زیندانی کراوەو ئاوارە بووە، کەچی دەستی نزیکی کۆمەک رژێمی دیکتاتۆر بوو لەوانە» ئەمانیا رژەهەڵات و یەکێتی سۆڤێت». هەر ئەمەش وایکردووە کە لە بەشکی زۆری وەاتانی رژئاوادا هەندێ خۆشەویست نەبێت. ئەو هەندێ لە دەسەڵاتدارانی ئەمانیای رژەهەڵات نزیک بوو، ساڵی 1949 تەواوی بەرهەمەکانی لەسەر بودجەی حکومەت بە چاپ دەکێن، کاتێکیش مرد، وەنەی ئەویان بە پوولی پێستەوە کردبوو، ئەمەش زیاتر وەکو هاوسۆزی خەیان بە ئەو شاعیرە دەربڕیی و بە شاعیری خەیانیان دەزانی. لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەیە، کاتێک ستالین ساڵی 1953 دەمرێت، یەک قەسیدە بە ستالین دەڵێت و دواتریش دەکرێتە گۆرانی، زۆر ستایشی ستالین دەکات، ئەمەش لەکاتێکدا کە ستالین ملیۆنان هاوەاتی خۆی کوشتووەو حاکمێکی دیکتاتۆر و ستەمکار بووە، دژی بەشیکی زۆری نووسەرو شاعیرو هونەرمەندانی روسیا بووە. . ئەم هەڵوێستەشی دەبێتە لەکەیەکی ناشیرین بە کۆمەڵایەتی ئەم شاعیرە هەست ناسکە.
هەتاوەکو مردنی هەندێ لە ئەورووپا و ئەمریکادا گرنگی بەکارەکانی نەدرا، بەڵام پاشئەوەی پینۆشی کودەتای بەسەر ئالیندی کردو کۆتایی بە ژیانی دیموکراسی هێنا، ئینجا رژئاوا گرنگی بە کارو

بەرهەمەکانی نریدا دا.

ئەو نزیکییەی لە دەستاتی سیاسی وەاتەکییەوە، وایکرد دواجار ببێتە قووربانی، ئەوبووو کاتێک جەنەرال پینۆشێ کودەتای سەربازییەکەی کرد، دەستیکرد بە پاکتاوکردنی تەواوی ئەوکەسانەی کە لە پارتی کۆمۆنیست و چەپەکانەوە نزیک بوون، نیرداش جگەلەوەی کەسێکی چەپ بوو، هەروەها هاوڕێ و دەستی نزیکی سیلڤادۆر ئەلیندی سەرکی هەبژێراو بوو، هەربۆیە کەوتە بەر هەڕەتەکە. هەرچەندە کاتێک ساڵی 1973 دەمرێت، حکومەت وای رادەگەیەنێت کە بەهۆی جەلدەی دەوڵە مردووە، بەڵام پاشان ساڵی 2013 کاتێک تەرمەکەی هەڵدەدەنەوە دەیپشکنن، ئینجا دەردەکەوێت کە ڕژێمی سەربازی پینۆشێ ڕەشی لە کوشتنیدا هەبووە.

**دوا قسە**

هەموو ئەو شاعیرانەی کە باسمکردن، بەرهەمەکانیان جگە لە شیعرە سیاسییەکانیان، مایەی جوانی و گرنگی پێدان بوون لەلای جیهانەوە. بەدنیاییەوە گەر سەیری مەڕووی ئەدەبیاتی جیهانی بکەیت، پێیتی لە حکایەتی سەیرو سەمەرەی شاعیران لەگەڵ کەشکی دەستات، من تەنها باسی ئەم شەش شاعیرەم کرد، شاعیری زەریش ماون کە باسیانم نەکردووە، هەوە دەدەم لە کاتێکی تردا، باسی شاعیرانی کورد و دەستاتی سیاسی بکەم.

**سەرچاوەکان:**


1 . خبراء: الشاعر التشيلي بابلو نيرودا «لم يمت بالسرطان. www.bbc.com/arabic

2.www.whoswho.de /pablo-nerudal

3 Suche nach dem Grab des Poeten Garca Lorca/www.dw.com/de.

4 .مایاکوفسکي: لغته، ثورته، موته//www.bidayatmag.com

5.الجواهري .. شاعر مداح ومتناقض ومتقلب المزاج/ جهاد فاضل www.raya.com

6. سعاد الصباح اعدمت قصائدها في عشق صدام . www.watan.com

7.مایاکوفسکي… الناطق الشعري باسم ثورة أكتوبر الروسية/ جريدة الشرق الاوسط. الاثنين – 29 شوال 1438 هـ – 24 يوليو 2017 مـ رقم العدد [ 14118]

7. من هو المتنبي/ www.arageek.com

8. اميل زولا. في الرواية و مسائل أخرى.ترجمها عن فرنسية. حسين

عجة. الطبعة الاولى. هيئة ابو ظبي للسياحن و الثقافة. 2015

---

# دووشيعری سروە سا□□یی

تـــنوسـکی قـبارە بچوك شتگـلـکم تیا نـــوسی
کـم کـمـ قسـی خـش
لـ تـنگژکان لاپـــکانیم شین ومـر دـکردـوـ بـ
گازاندـی بـ چارـ وهـ ،لـبری چاکـی سـربـخـ
بـ نمونـ جارـکیان نـخـش بووم
نامـیـکی دوورو درـژم نوسی..
نوسیبووم
تایـیـکی گـرمم لـیـ،خـزگـ لـلام بووایـی
وتـــایـ گـرمـکـمت ساردوهـورکردبایـوـ بـ وخساری
یـئارامت ،و مـرهـمی پـنجـکانت ،
بـهـنیـ ونـو تا□□کانی پرچم گوزـریان کردبایـ ،هـندـی نـبرد
لـرز جـستـی شـکـت کردم …کوا لـرـبوای
ملپـچـك.. یا بلوزـکی شیعرت لـبـرکردبام
تا جیـ□جیـ و شـقـی ددانـکانم
وشـی ناوتیان نـقرتاندبووایـ ،یا نیگایـ گـرمـکانت وـك
فـرویـکی جـمسـرـکان بیانپـچابووایـم
لـبری ناردنی نامـکـ لـژـر سـرینـکـم دامنا
لـخـونمدا ..هاتی،و نـهاتی
یـئاگام لـ خـونیش نـما،
چما!
تـنیایی بـغیلی بـ خـونیش دـبا،
یـئادـمی مـخـوقـکی چلورـیـ
بـستـ□□کـ
هـست کـشمـکـشی لـگـ□ ناکا،
ناساغیش بـلای یـکمان نابا وـامانناچـ□کـنـ…
دوورکـوتمـوـ سا□انـکـ هـموو وـرزـکان و□نگـکانی گـ□ا ،گـ□ان
یـك لـ دوای یـك
تـمـن گرژبوو و هـستـکانم لـناو بران،
نـپرسیت ونـهاتی ونـگووتت

بۆ نەهاتی
کە سەرسەختە یەادەمی لەدووری یەازیزانیشی بۆباکە..
لە شار بووم
زانیت ونەتزانی
درمە ،هەراسانە
هامشووم
زانیت لە کەانە تەنگەبەرکەی پزیشکان کاغەزی
چارەسەرم بۆ نوسرایە وبۆ تەماشایێکی
بۆ نوکی پەنجە و ێێیشتی..
نەتزانی پەنجەی دەست هەژمار
تیشکی هەتاو دەبینم وخۆو بۆ یەومەد و
پرچی یەەندەشە دادەهێنم ..
هەر عەیامەکە وادەکشم جەستەیەکی شەکەت ناپرژەمە سەر ماێیەاوایی
…
بونیـــادەم دە ێێقە لە دەردە کوشنـــدەکانیش لایەك لەیەـــازیزانی
ناکاتەوە…
بۆ نامرادی دەنۆ چاوی ماندوویتیشی هەر لێێی..
لە ێێستوەانتەکە دانیشتبووی
نەهاتیە یەۆو دیوی مەزەکە بۆ هەواێێکم بێێام دزەی دەکرد
نیگاکانت
دەستەکانی هەردووکمان وەك تاێێ سپیەکانی سەرمان
پێ بوون و نەبوونی بەرامی بۆ یەکیمان
نەهاتی..
کەواتە یەادەمی سندوقەکی بەتاێێ
نە ناساغی
نە چەرمەسەری
نە دووری یەازیزەك
پەی ناکاتەوە لە سەز
یەۆوەی دەتوانە یەۆو یەامەرە بۆ تەلە
ویەۆو تارە بۆ تەنە
بژەنە وبۆیەاگای بهەنێت ..
پەاو پەی بکا لە نزیکبوونەوە وفەرمانبکا لە خەشویستی
مـەرگـە و بەس
بۆیە کەمردم وەرە لە تەنیشت چراکەی لای سەرینەکەم
نامە نەنەردراوەکان ببە …و
سەردانم بکە ..تەنیا
وەرە ..

یەکەم جار ،
یەکەم نیگا،

کەبینیتم دڵخورپە دایگرتم،
نەمدەزانی بە ..
بەڵام زانیم شتگەلێکی سەروو هەزو دەگوزەرە
دەمزانی
ئەو چاوە ڕەنگەکان ئاوەتەبوونە
وەک پایز جوانی لە پەڵک و
خەزان لەپەڵی ئەودیوی بە پەنهایی دەمانبینن و زوو دەردەکەوە…
دەمزانی سەوزەانــە لە بارستایی گەورە ڕەگ دادەکوتە لە دەمەوو
بەرگی ناگرم و زوو هەدەوڕە…
بەڵام نەمدەزانی وا زوو لەپەلوپە هاوشتن بازنەیی
دەمکەوننە،
ئەو چاوە بەک بە حەوسەڵە دیار بووی
بەڵام دانسقە پر سەلیقە
هاتیە گە ،
کاتژمێرکی قەبەت لە دەستبوو
میلەکانی وەک ڕەژگار پەلەیان بوو ،لەدەوانی و دیسان بەباکانە
دەهاتیەوە گە،
منیش بە یەک نوقە سەرم دادەخست و
کەم ،کەمە ..
وەک دەندیەکی کەوی ناوی نیگاکانتم دەکرد،
دەمزانی ئەو چاوە… جیاواز بوو
بەجیاوازی دەوات و
گەرنەمنتەوش
جیاواز مشتی یادەوەری پە جەدەهەەت..
ئەوەی نەمزانی بە تەپەی و ووخا
پردی نەوان دوو نیگا،
ئەو چاوی کراسکی سپیت پەشی بوو
هەندە بە پەرتەوازەیی ، پەی کورسیەکەت گرتبوو
دەپە قاوەکانی کە دەژانە یەخەی کراسکەت

شایەتحاڵی ئەو شۆڕانەتبوون ،
گەمەی... دەست وکاتژمێرەکەت،
داکردن وپشینەوەی ...چاکەتە نێرمەکە بەهاریەکەت،
شتگەلێك عەیارانە درکم پێدەکرد
توند ...
خەت دەگرت..پێی نەزانم ..منیش
تەواو وەستاو بە جمەیەك واق وەماو
وەڵە،
بەقی گەکانەك سارد ...سارد
ەووەتەکانی گەرمدەکردم ،
ەەژگەڵەکن
جوانی دەبارەنــن
پەوشك دەهاوەــژن
بەرکەوتەی هیچ نابن ،هەوێنەك جەدەهەـــن و
وەك دوو جەمسەر ،هەرگیز ناتگەیەنن...
زەر شت هەن جیاواز بگرە مرۆڤکانیش هەن لەهیچ کەس ناچن،
ەەژگەڵەکیش هەن ..وان ..
ەەژگار هەیە... لەسەرووی هەموو ەەژکانەوەن
بەروارەکەی
ەوانینی دووری ..خەرەکەی
تریفەی سەرلەوی.. مانگەکەی
ئەو کزەبایەی لەشەشتەکانی یاری بە عەترەکەی دەکا
ئەو تەنیاییەی کە لەناو مرۆڤگەلەك پەرتەوازە هەشت دەبا،
ئەو ەەژە لەیاد دەرناچە
لە سوچەکی ناخەوە تەرا..
قەدەر..قەدەر
سەرەك هەەدبەە و لە تاریکی کپ دەکرە
بەبەرچاوا پەیکەرئاسا لەنگەردەگریت هەندە نابا وەك
شەرەبەفرینە دەتوتەوە و بە ئەرزش بەەام هەرگیز
بە هەتا ون نابەت.

**سروە سااەیی**

# ناوی کتێب: زمان و بیرکردنەوەی شیعری … نووسەر: حەکیم مەلا ساڵح

بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
تایپ و هەڵەگری و ڕێنووس: نووسەر
نەخشەسازی ناوەرۆك: سامی عەلی بندیان
نەخشەسازی بەرگ: میدیا ئیبراهیم شكاك
چاپ: چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر/ 2016

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن …

---

# نامەی پڕیدڕخت، بۆ سێید مەحموود…نووسین: حامید عەسکەری وەرگێڕان: دادیار ئازاد

بۆ ناوی گوڵاوی خۆشەویستیەکەم

لێدەورت گەڕام.
دەردت لێ گیانم بکەوێ.
مردم و ژیامەوە، تا نامەکەت گەیشت.
ئەم دوورییە بۆ دین و ئامانێ، هەر بۆجارێک ماڵی وێران کردووم!
ژن کاری نەوماڵ و چێشتلێنان و گسکدان و پاکردنەوە و هەڵگرێ و دانەش، نەیکوژێت، ئەم بێهاودەمی و دوورییە هەر دەیکوژێت.

لە نامەکەتدا گوتبووت: دڵ بەندێ کراویت.
ڕاست بێندی دەم پسا!

دڵک پڕیدەختت دەبڕ بمرێ. مەردی کەوتۆتە دەست پۆلیسان و ئەویش بەخەبەر بووە و لە ژوورەکەیدا قژی هەنیوەتەوە!
ئەوەی گیانی من و تەی بەدەستە، خەی شایەد و ئاگای لێیە،
کە حاڵوبارەی دەی منیش، هیچی لە ژوورەکەی زیندانی تە کەمتر نەبووە.

بارودۆخی وڵات هیچ باش نییە.
مەشروتەچی، کۆمەڵان بە کۆمەڵان وەک پرتەقاڵ چرچ و داوێرەکان، بەسەر درەخت و دارەڕاکانی شاردا هەڵتەقیون.
وەڵامی ئازدایخوازان ئاگر و ئاسنە، شاربەدەرکردن و دارکاری و فڵاقە!
ئەم هەژانە دەم هەر بەو شووشە گوماوە خۆشە، کە لە ئەوپا بەت هەوانەکردووم.
شەوانە لە بسک و کەزیمی هەدەسووم.

سەید مەحموود گیان...
بوومەتە ماینەکی سەرکەش و بزۆو.
نە قامچی، نە تانوتۆشەری باوکم دەستەمم دەکات،
نە گفتولفت و دەدانەوەی دادەشم.
ئارەقەی شینومەرم پە کردوون و بە کەسیشیان کەف ناکرەم.
سەرباری ئەوەی خەشم هیلاکم و هەنهەن ئارەقە دەردەدەم.

سەید گیان دەزانیت:
ژن کە پەگەیشت،
دەبەت دەی بە کەسک خەشبەت و هاودەمکی هەبەت.
دەی بەهاودەم هەر زوو؛
لە بەریەک هەدەوەشتەوە.
سیس دەبەت.
بەگەن دەبەت.
دادەزەت.
دە ناسکە، هەک دەەی ئاوریشمە!

نە دەست و دەم دەچەتە ئەوەی؛ بە دارچین سەر حەەوا و شەزەرد بنەخشەنم،
نە شەوق و زەوقی وەسمە و سوراو و سپیاوم هەیە.
دوەنی دادەم دەیگوت، برەکانت دەەی پەچکی بزنن.
حەقی ئەوە وا دەەت؛ مادام بە برە ناچن.
چ جیاوازییەکی هەیە، لە پشتی چاوم دوو پەچکەبزن هەبن، یانیش

کلکەمشک و تاڵ زڵ!
بە قەولی باوکم: چاو هەر بڕکێکی ئاوە دەت، "دلبەر"ی پێ ببینیت.

تۆ لەرە نیت، کوپەی ئەسکەندجۆبینی قەزوینی؛ کە زەرت پێ خۆشبوو.
لە ژەرزەمینی چێشتخانەدا بەمنەتەوە و نەبەتە ژەقنەبوت، ئەدی ئەمە کاری خوا نییە!
جا چلۆشی بەسەردا تێپەیو.
هەروها بەسەر دەی منیش.

تەمەنم بەتە سەر تەمەنتان ئاغا سەید.
بە سەری پڕغەمبەری باپیرگەورەتان،
نیازی بڕووویی و پرتەوبڵاڤم نییە، بڕۆام بە خوا سەبرم نەما!
گومانم هەیە، لە کەلەژی پزیشکیی پاریسدا، بەشی ئاوە فێرە پزیشکی بووبیت، کە لە چارەی دەردی دووری و دابڕان تێبگەیت! بەسە بیبڵێو.
سەرێک لە "یەزد" بدەو و بە هاواری دەم بگە.
بریەنانم ساڵژ بکە و دواتر بگەڕەو ئاوە.

سەبوریی من هەر ئاو نامێە بوو، کە بەدرەنگاوە گەیشتە دەستم، لەگەڵ ئاو شووشە گوڵاوی؛ کە خەریکە وا تەواودەبت.

کە دەڵێن ژن (ناقسیول عەقڵ)ە،
ڕاست دەکەن، وایە!
ئەگەر عەقڵم هەبووایە؛ کراسەکەتم بەسەر سەرینەکەدا نەدەکەشا، کەزیەکانیشم بکەمەو و سەری پێدا بکەم!
ئاوەنییە تۆ پیاویت!
ئاوە کە عەقڵتان تەواوە و بەعەیبە.
ئاوە کە ئاوەپاتان بینوە و پزیشکیتان خوەندووە.
بفەرموو وەڵامم لە بگەڕەو: بزانم ئاو "زەعیفە" و "ناقیسول عەقڵ"ە قوەی کوە بە سەری خەیدا بکات!

بڕاگەت پەریدەخت.
ماچەکیشم ڕەگەڵ داوە.

**نووسین: حامید عەسکەری**
**وەرگەڕان: دادیار ئازاد**

کتێبی (پریدوخت، مراسلات پاریس/ طهران)، بریتییە لە (٤٠) نامەی ئەدەبی و عاشقانەی نێوان دوو کەسی خەیاڵی.

(پەریدەخت) کە لە ئەرانە و، (سەید مەحموود) کە بە خوێندنی پزیشکی لە فەرەنسایە.
بنووسی کتێبەکە (حامید عەسکەری)ـیە. کە نامەکان زادەی خەیاڵ و هەستی ئەون، بە شێوە و سەبکی زمان و ئەدەبی سەردەمی قاجارەکان نووسراون.
لەپاڵ هەستی خۆشەویستیی ژنومێردانە و دەردی دووری و دابڕانیان، هەندێک باسی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ڕۆژگاریشمان بۆ دەخاتەوە.

---

# ناوی کتێب- لەقینی بەردەکان … نووسینی- سەلام عومەر

**ناوی کتێب- لەقینی بەردەکان**
**بابەت- ڕۆمان**
**نووسینی- سەلام عومەر**
**پیت چنین- نووسەر**
**دیزاینی بەرگو ناوەڕۆك- هێرش مەغدید**
**چاپخانە: تاران**
**چاپی یەکەم 2020**

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن …

---

# تازەترین پێناسە بۆ عەشق

# ئەویە عەشق پێناسە ناکرێت .. بەشی دوانزە...خەدواندنی: ستیڤان شەمزینی

ستیڤان: خەشم دەوێ، بیرت بێت لە چ سەختییەکی ژیاندا عەشقی تەم لە بیر نەکردووە، تە دەبێت نەهێیت بمرم، زەر ئیشم ماوە و هیچ خوونکم نەهاتتە دی!!. ئاخر هەمیشە لە شەودام و رۆژی من مەرگ بەیە نامەوێ هەبێ!!، ئەستا وەرە تەنیشتم یەک ماچم بکە، تاکوو هەزاران سالە تامی بکەم.
لیزا: لەسەر هەموو شونکی جەستت سروودی ماچ دەنووسمەوە، لەناو تەدا وەک پشکەیەک بەهەمنی گەشاومتەوە.
ستیڤان: بیرمە یەکەم سات نیگای گەرمت دەی منی وەک تەنوور گەرم کرد، بیرمە یەکەم چرکە سیحری چاوەکانت تەوی عەشقی لەناو رەحمدا چاند.
لیزا: ژیانی هاوچەرخ عەشق تەنانەت سەکسیشی خاڵی کردۆتە لە بەها و مانا راستەقینەکەی خەی!.
ستیڤان: مرۆڤی هاوچەرخ چەند لە رووی تەکنەلۆژییەوە گەشەی سەندووە هەندەش لە بەها بەرزەکان پاشکەشی کردووە! عەشق بووەتە حکایەتکی گوێ ئاگردان و زەرترین پرسەکانی سەکسیش بریتین لە پرسەیەکی میکانیکی رووت کە لە بری چەژ بەخشین، مرۆڤ ماندوو دەکەن.
لیزا: چەن دەکرێت عەشق سەکسی تیا نەبێت یان سەکس عەشقی تەدا نەبێت؟.
ستیڤان: سەکسی بێ عەشق تاوانێ و عەشقی بێ سەکس پووچە. ئەمەش تازەترین پێناسەی منە بۆ عەشق.
لیزا: تازەترین پێناسە بۆ عەشق ئەویە، عەشق پێناسە ناکرێت!.
ستیڤان: پێناسەکردنکی جوان بوو، خەی لە خەیدا ئەمەش پێناسەیەک بوو. بەڵام من عاشقی تەم، ئەو گوڵە بەهاریەم لە پایزی دەتدا دەڕوەم. ناهەم کریستاڵی دەت درزی تێبکەوێت.
لیزا: لە شکاندنی شوشەی دەمدا، تاکە زیانمەند هەر خەتیت.
ستیڤان: وایە، دە وەک بلووری چرا وایە، وریای نەبیت نک هەر دەشکێت بەکو خەت ئامادە بکە بۆ تیغبوون بۆ پارچە شکاوەکانی ئەو بلورە ناسکە! دەی منیش لەو بلورە ناسکترە، بەڵام زەر سامناکانە تیغت دەکات و زامی قووڵ لە تەدا دروست دەکات!!.
لیزا: گوومان لە عەشقت دەکەم، ئاخر چەن دەتوانیت کەسک تیغ بکەیت

بەشک بووە لە وجودی تۆ؟! .
ستیفان: من وردوخاش دەبم و تەش یاریی بە پارچەکانم دەکەیت، ئەوە دەتبەتەت!! شووشەی شکاو چ گوناهێکی هەیە لە کاتێکدا خۆت وردوخاشت کردبێت؟!.
لیزا: کەواتە کاتێک هەموو شتەکان دەدەنیت تەنیا عەشق دەتهێنێتەوە مایە، کاتێکیش لە عەشقدا دەدەیت هیچ سەرکەوتنێکی تر ناتهێنێتە مایە!.
ستیفان: نیتچەی فەیلەسووفی ئەمانی هەمیشە ئەمەی دەگووتەوە "مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتەواوە، هەر کاتێک خۆشم بووبێت، خۆشویستیەکەی دەمکوژێت!" ئەوتا منیش ئەوەندە تەم خۆشدەوێت و هێندە قووڕچووم لە ئەوینتدا بواری گەانەوەم نەماوە، هەروەک ئەوەی لە بەرزاییەکەوە فەدرابمە خوارێندکەوە، بەدەم ئازاری ئەو عەشقەوە دەمرم. ئەمە قسەیەکی تەقلێنراو، بەڵام چێندیش ترسناک بێت قسەی مەشکی خۆم دەکەم.
لیزا: منیش لەسەر چوار ڕەسا چینییەکە خۆشمدەوێی! ئەوانیش بریتین لە: مایتری واتە هونەری دەخۆشکردنی خۆشویستەکەت. کارنا واتە لابردنی لابردنی ناخۆشییەکانی سەر ڕەی خۆشویستەکەت. مەدەتا واتە هەستکردنی بەردەوام بە خۆشی خۆشویستییەکەم. ئەپیشکا، واتە هاوسەنگی لە نێوان خۆم و خۆت، بەو جۆرەی من هەر تەم و تەش هەر من. کەواتە هەرگیز مەبەستم لە جوگرافیای دەی من.
ستیفان: بە من مەبەستم، چوونکە نە قاچی ڕشتنم ماوە، نە باڵی فڕین. تۆ پێتوایە لەو گەردوونەی خۆم کە هەر تێیت دەتوانم بە کوێی تر بڕۆم؟ گەردوونێکی تر لە کوێ بدۆزمەوە؟.
لیزا: لە عەشقدا دوو مرۆڤ بوونی نییە، یەک مرۆڤ هەیە، یەک جەستە و هەست و نەست و ڕۆح هەیە. ئەگەر عاشق هەست بە ئازارەکانی مەعشوق نەکات و ئازاری پێوە نەکەشێت، ئەگەر غەمەکانی عاشق دەی مەعشوق دانەخورپێنە، ئەو پەیوەندییە هەرچییەک بێت عەشق نییە. کافکا وتەنی "سەری هەر سەدیەک تەنیا یەک عاشق دەردەکەوێت". لەبەرئەوە عەشق کردەیەکی دەگمەن و شازە، بەیە مەرج نییە هەموو پەیوەندییەک سەرەنجام بگاتە عەشق، ئەگەر پەیوەندیی لە دامەنی پرسەکەدا بێت، عەشق دوا پلە و خاڵی کۆتا و باڵایە.
ستیفان: عەشق دەبێت بەرچوو "موعجیزە" بخوڤقێنێت، ئەگەر وا نەبوو لە شوێنکی تر و لە ژێر ناونیشانێکی دیکەدا بە پەیوەندییەکێت بگەین. عەشق دەبێتە تاڵاوت لا بکاتە شەربەتی ژیان، دەبێت مازخی بیت و ئازار بە خۆشیی لەکبەدیتەوە و وەک بادە بینۆشیت. عەشق بە حوزن و کارەسات کۆتایی دێت، ئەگەر هەموو لەحزەکانت هەر شادیی و ئاهەنگ و قاقا بێت، ئەوە بزانە عەشقت دەاندووە، لە مەملەکەتی

ئاهەنگ و کەیف و سەما مافی پەنابەرێتی هەمیشەیت وەرگرتووە. عەشق چاوبازیی و دەستبازیی نییە، وەلێ لە نیگایەکەوە دەستپێدەکات و بە ئازارێکی جاویدانی و فەوتانێکی پڕ لە سۆز کۆتایی پێدێت.

لیزا: عەشق چییە و چیش نییە؟ عەشق هەموو شتێکە و هیچ شتێکیش، عەشق بە دەست ناگیرێ، بە چاو نابینرێ و بەن ناکرێت، کەچی باری قورسترین ئەرک لە ئەستەمان دەنێ!!، بە ئاوەی هەست بە لەرینەوە و بزاوتنی بکەین، پاڵمان پێوە دەنێت بە دروستکردنی ئەفسانە و خوقاندنی بەرچوو، بە ئاوەی رەنگی دیار بێت، رەنگی خەیمان پێدەبەخشێت، بە ئاوەی تامی لە توانای وەسفکردندا بێت، هەموو ئازارێک دەکاتە باسوق، هەموو رەگەیەکی پڕ کەسپ و کەندەڵان لە بەردەمماندا دەکاتە ساباتێکی دەگیر و کەژێکی تژ لە گوڕ و دیمەنی دڵەفێنی ژیان.

ستیڤان: عەشق دەمانکاتە کەیلە و دیلی مەعشوق، وەلێ ئازایەتییەکی تەواومان پێدەبەخشێت. لە عەشقدا هێندە ئازا دەبین، سۆ لە هیچ ناهەمواریيەک ناکەینەوە، کەچی هێند سەیرە، ئاوەندش ترسنۆک دەبین، وا دەزانین کۆتایی عەشق، کۆتایی هەموو شتێکە لە پێشیانەوە کۆتایی خەمان، واتە کۆتایی فیزیکیی و رۆحی خەمان وەک بوونەوەرێک.

لیزا: عەشق پێناسە لە خۆ ناگرێت و کورت ناکرێتەوە بە چوارچێوەی یەک پێناساندن، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ خووی ئەکادیمییەشارەزاکان کە فەربوون پێناسەیەکی دیاریکراو ببەن بە باڵای هەموو شتێکدا. قەتیسکردنی عەشق لە بۆتەی یەک پێناسەدا، هاوکێکە بە تیرەرکردنی، تەقەلایە بە سنووربەندکردنی لە میانەی یەک چێوەدا، ئاوەش پێلوپێکردن و رووتکردنەوەیەتی لەو مانا و تان و پۆ بەربەاو و گشتگیرەی هەیەتی.

---

**تێبینی:**

ئەم تێکستە بریتییە لە مانلۆگ نێک دیالۆگی دوو کەس، کەی بەشەکانی ئەم مانلۆگانە لەنێوان 2010-2017 نووسراون. لە بەرگی دووەمی کتێبی "قوتووی عەتار" لاپەڕە 488-522 بەشەوەی کتێبی کاغەز لە ساڵی 2018 چاپ بوون

# ئاشووبی کاتژمێری بوون … شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

تۆ لە پرسیار ناوەستی
کە تیشکی یەکەمی بوونی نارد،،
کە لە کاژێرکان جەستەی دروست کرد،،
کە لەسەر قۆناغی کاتژمیری بە هودەیی…
چاودێری هاتنوەی…
خۆت گۆاوکانی مەرگی کرد؟
خۆت ئەبیتە گرانیکی بیرچوو،،
کاتێک کاسك لە ڕح،،
وا خەریکە لە شرابی ..
خەشبەختی بەتاڵ ئەبە،،
عوودی زەمەن، لە ئامادەیی،،،
هەستی مرۆڤ پەرتبوکان بەجێشە،،
بە ئاوەزانی گۆک..
لە دۆک،،
لە خۆمەش،
بە دەیکی تر..
لە خۆ و زیخ ،،
گەی دۆ کەم تەمەنکان،،،
هەندەی خەر،،
بەجێشن بە خەسوتان،،
گەکانکە لە حەز،
لە ناو چاوی گەردوونی بوون،،
هەر بوونک خەی،،
داهاتوشی هەر سرابە ،،
بوونکان، بۆام لە پڵە قاژەی…
گاتجاریانە ناوستە،،
بە چنگە لمک لە وشەو…
خەو، تەنها چرای کزی..
بەردەم چۆدوکۆی..
چارنوسیان دائگیرسنن،
پاشان سەوکان،،،
لە قۆاغ ەوبارا چیدکەن،

کە باڵی فڕیمنگەی دەربازبوون سوتابێ،،
بەڵەم خەی دیار نەبێ؟
مرۆڤیش خودی خەی،،
کتێبی بیرەوەریە،،،
کەچی لە کتێبخانەی ئەفسانەی…
دارستانەکانی ئەندەشەدا،،
بە دوای شیعری گۆرانیلەکی..و..
شەونمە مانگ و گزنگە تر،،،
نەرگزە لەو ئەگەیی،،
هەربەیەکیشە من شەپەلەکانی..
ژیانم بەلا داوە،،،
تا هیچ نەبێ…
لەم چەند ساتە دەزخیە قەشەنگە،،
لە ژێر کاتژمێری مەزنی بوونا،،
چنگە ئاورینگی ئەبەدیەت بگرم،،،
ئەی پلیکانە کریستاڵیەکە،،
بەرەو تارای پەمەیی مانگ،،،
ئیتر دەروازەیەک پیشاندە،،
ئێیەک، باڵە فڕەک، هانایەک..
بەڵام لەبەردەم قەڵای کاتژمێرا..
هەمیشە مەترسی پەرتبوونە،،،
گەر خەیاڵ نەبێ
لە فیردەوسە لە سروتی سەمای خەسوتان،،
پشوێکی فڕنکەرەوەی ڕۆح ،،
هەرگیز نابێ،،
ئای ئەبەدیەتی شیعر،،،
ئای شەپەلی زەریا،،،
تەنها تارای پیرەزنە..
ڕووی سەرابیم لە جوانی …
گزنگەکا وون ئەکا،،
نزرگەیەک لە شیعری ماچی کازیوەیەک ،،
بە گۆڵە لەیلەکی عیشقەک،
گەرچی تەمەنی ،،
لە باڵەفڕەی پەپولەیەکی…
ئاوی کەمتربێ،،
تەنها مەرگی ڕەنگینی..
ناو دڵی مەستە،،،

ئەبەدیەت هەڵهاتنە بەرەو..
کەنگی گەنمە سەرخۆشکان،،
لە ژێر گیتاری شینی خەرا!
بەهام لە بەردەم قەڵای کاتژمێرا،
کەس ڕەحی شکەتی ئەوی تر نابات،،
هەرکەسو لەم شانە تراجید کەمیدیایە..
بەردەم قەڵای مەزنی کاتژمێری بوون،
بەشی هەڵگرتنی پریاسکەی..
ئەسک و پروسکی خەی ئەکات،،
باشترە تەنیا بیت،
کاپتنە نادیارەکە،،
لەسەر قەقیانووسی بە سەرتاو کەتایی ووتی،،
بە ئەوی کەشتیش دیاربە،،
سەرکەوتن و نشستیش،،
لە نەو جەنگەڵی بوون،،
لە یەک وشە و یەک فرمێسک و یەک خەندەیە،
من بە کاپتنی ئازیزم ووت،،
گەر دوا ئاراستەی سەفەر دیارنەبە،،
کەشتی خەی وون نەبە،،
مەی ئەبەدیەت..
تەنها لە گەڕەی ڕاوی منداڵی بە،،
جوانی تەنها لەزمەی ..
بەهارێکی بە پەڵە بە،،،
ئەمە چی دادەکە،،
چی ئافاتەکە

وەنەکە کارێکی هونەری فۆتگرافەری ئەڵمانی (Stefan Keller)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خەی وەرگیراوە.

# جژنی دڵتەنگی … شیعر : ایرج جنتی عطایی…وەرگێڕانی : پشکۆ ناکام

**" جشن دلتنگی "**
**ئاواز : آندرانیک**
**گۆرانی: ذاریوش اقبالی**

-_____

شەوی دەست پێکردنی
کەچی تۆ
شەوی شکستم
لە خودی خۆما بوو
شەوی نا میهرەبانی تۆ
شەوی لە پاڵ و پۆ کەوتن
و
دانیشتنم بوو
شەوی بێ تۆ
شەوی بێ من
شەوی دڵە مردووەکانی تەنهایی بوو
شەوی هەشتن
شەوی مردن
شەوی دڵ هەڵکەننی من
لە ئێمە بوو

بێ هەڵاتنی عەشقی من و تۆ
هەم زەمین ، هەم ئەستێرە
بەخشندە نەبوو
لە کەچی تۆیا
ئەشکەنجەم خوارد
کەچی تۆ
لووتکەی خەیاگریم بوو
چۆن بێ باوەڕەوە
خەم تەپڵەان
کەچی من

کۆتاییم بوو لە خەم

بگە فریام
بگە فریام
تۆ ئەی ڕزگارکەری
ڕەگ و ڕیشەم
بگە فریام
بگە فریام
تۆ ئەی دڵی ماتەمی من
لە هەرشی شەوانەی زەمین
جگە لە دڵان
چیتر نەبوو بەشی من
بە پەڕ و باڵی خاکی من
ئارەزووی دوا فڕین نیە
بە تۆ، دووبارە گەڕانەوەیەتی
بە شەوی بە پەنایی
سەنگەری ترسم لە خەم
مەحەنی زامی دڕینی من
لە کۆ..!
بە دڕندەوە لە ئاوەنیا
جادەی سووزی وون کردن
لە کۆ..!

بە تۆ لە تۆزی وەرانییا
دووبارە وون بوو
لەگەڵما خواستی خاکی
زەوی بوو
بە سەرکەوتنی ئەستێرە
تۆ پردت داخست
گەر دڵاووم لە تۆیا دڵاووم
گەر دڵاوویت لە خۆتا دڵاوویت

بگە فریام
بگە فریام
تۆ ئەی ڕزگارکەری
ڕەگ و ڕیشەی من
بگە فریام
بگە فریام

ئێی دڵی ما تێمی من
شەوی بێ تۆ
شەوی بێ من
شەوی دژ مردووەکانی تۆنهای بوو
شەوی ڕۆشتن
شەوی مردن
شەوی دژهڕۆکێنێنی
من لێ ئەمێ بوو